ئیمارات داوای میواندارییکردنی جامی ئاسیای ٢٠٣١ دەکات بە پتەوکردنی پێگەی وەرزشی

یەکێتی تۆپی پێی ئیمارات لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە داواکارییەکیان پێشکێش کردووە بە میواندارییکردنی جامی ئاسیای ٢٠٣١ی تۆپی پێی ، دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ڕایگەیاند کە پێشنیار وەردەگرێت بە ڕەکخستنی بەناوبانگترین پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی کیشوەرەکە.

ئیمارات کە هەرگیز نازناوی جامی ئاسیای نەبردەتەوە، پێشتر دووجار لە ساڵانی 1996 و 2019 میوانداری پاڵەوانێتییەکەی کردووە. یەکێتی تۆپی پێی ئیمارات لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: یەکێتی تۆپی پێی ئیمارات بە فەرمی داواکارییەکی پێشکێش کردووە بە میواندارییکردنی یاری کۆتایی جامی ئاسیای ٢٠٣١.

ئاماژەی بەوەشکرد، بەیارە فیدراسیۆنی ئیمارات فایلەکی گشتگیر ئامادەبکات کە هەموو مەرجەکانی میواندارییکردنی گەورەترین پاڵەوانێتی کیشوەری ئاسیا لەخەدگرێت.